Asylum Support Partnership
help and advice

refugee action | North of England Refugee Service | Refugee Council | scottish refugee council | Welsh Refugee Council / Cyngor Ffoaduriaid Cymru

Kurdish (Sorani)

March 2010

# داواکردنی پەنابەری

کاتێك لە شانشینی یەکگرتوو (بریتانیا) داوای پەنابەری دەکەیت، ئەوا داوا لە دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە (هۆم ئۆفیس) دەکەیت بە پەنابەرت بناسن. پێناسەی پەنابەر لە یاسایەکی نێودەوڵەتییەوە دێت کە بە پەیمانی ساڵی 1951 ی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە دۆخی پەنابەران ناسراوە. حکومەتی بەریتانی بڕیار دەدات کە ئایا دەشێیت وەکو پەنابەرێك بتپارێزێت. بۆ ئەوەی وەکو پەنابەرێك بناسرێیت پێویستە حکومەتی بەریتانی لەو بڕوایەدابێت دەترسیت لە کەوتنە بەر زەبر و زەنگ لە وڵاتی خۆتدا بەهۆی رەگەز، ئایین، نەتەوە، ئەندامەتی لە تاقمێکی کۆمەڵایەتی تایبەت یان بیر و باوەڕێکی سیاسی.

یاخود لەوانەیە چەند هۆیەکی مرۆڤدۆستانە یان عاتیفی ترت بەدەستەوە بێت کە پێویست بکات لە شانشینی یەکگرتوو بمێنیتیەوە، وە ئەگەر ئەم هۆیانەت لەبەرچاو نەگیرێن ئەوا دەبێتە هۆی پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤیت بەگوێرەی پەیمانی ئەوروپی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ (European Convention on Human Rights). نوێنەری یاساییت دەبێ بتوانێت پێتبلێت ئایا ئەمە لەسەر تۆ دەچەسپێت یان نا. پرۆسەی پەنابەری و مافەکانی مرۆڤ ئاڵۆزە. هەر بۆیەش زۆر گرنگە نوێنەرێکی یاسایی و ئامۆژگارێکی کاروباری پەنابەری باشت هەبێت. بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە ئامۆژگاری و نوێنەرایەتی یاسایی، بڕوانە لاپەڕە 6 ی ئەم نامیلکەیە. کاتێك داوای پەنابەری دەکەیت، دەسەڵاتدارانی حکومی بەناوی "داواکارێکی پەنابەری" مامەڵەت لەگەڵ دەکەن.

ئەگەر تەمەنت لە 18 ساڵ کەمترە، وە بەتەنیا داوای پەنابەری دەکەیت، ئەوا بەشێوەیەکی ئاسایی دەنێررێیت بۆلای خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان (social services) یان بەڕێوەبەرایەتییەکی کاروباری پەنابەران.

## کێ لە داواکاریەکانی پەنابەری دەپێچێتەوە؟

لە بریتانیادا، بەڕێوەبەرایەتی سنووری بریتانی (UK Border Agency - UKBA) لە هۆم ئۆفیس (Home Office) دامودەزگای ڕەسمی حکومییە بۆ موقابەلەی داواکارانی پەنابەری و هەروەها بۆ هەڵسەنگاندنی داواکاریەکانی پەنابەری.

## چۆن داوای پەنابەری دەکەم؟

بەم شێوانەی خوارەوە دەتوانی داوای پەنابەری بکەیت

- لە کاتی گەیشتنت بۆ هەر دەروازەیەکی هاتنەژوورەوە بۆ ئەم وڵاتە، بۆ وێنە لە فرۆکەخانە یان بەندەرێکدا دەتوانی خۆت بە فەرمانبەرێکی کاروباری کۆچبەری بناسێنیت یاخود،
- لە فەرمانگەی سنووری بەریتانیا لە Croydon دوای ئەوەی کە هاتیتە ناو بەریتانیا. تۆ لەوانەیە بە شێوەیەکی نایاسایی و بەقاچاغ یان بەشێوەیەکی قانونی وەکو خوێندکارێک، سەردانکەرێک یان بە ڤیزایەکی بازرگانی گەیشتبیتە ئەم وڵاتە. شوێنی یەکەی چاوپێکەوتنی سەرەتایی کرۆیدن (Asylum Screening Unit) لە **Lunar House, 40 Wellesley Road, Croydon CR9 2BY** ە.

گرنگە کە دوابەدوای گەیشتنت بۆ بریتانیا یەکسەر داوای پەنابەری بکەیت و هەروەها پێویستە بە زووترین کات ئامۆژگاریی یاسایی وەربگریت.


Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: 240-250 Ferndale Road, London SW9 8BB, United Kingdom, VAT no: 936 519 988

OISC No: N200100132
Community Legal Service

## کاتێك داوای پەنابەری دەکەم چی ڕوو دەدات ؟

UKBA بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر داواکارییەکانی پەنابەری هەڵدەسەنگێنێت. هەندێك داوای پەنابەری هەن کە بەشێوەیەکی زۆر خێرا چارەسەر دەکرێن. دوای یەکەم چاوپێکەوتن کە پێی دەگوترێت چاوپێکەوتنی سەرەتایی، UKBA بڕیار دەدات کە بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ داواکەت بکات. ئەگەر پێویستیت بە وەرگێر هەبێت ئەوا یەکێکت بۆ دەستەبەر دەکرێت. ئەگەر بۆ خۆت بتەوێت دەتوانیت داوای وەرگێڕێکی نێر یان مێ بکەیت.

**ئەگەر لەپاش 2007/3/5 داوای پەنابەریت کردووە،** تکایە ئەم بەشەی خوارەوە بخوێنەوە - UKBA لەوانەیە بەم شێوەیەی کەوا لەم نامیلکەیەدا شیکراوەتەوە مامەڵە لەگەڵ داواکەت بکات.

**ئەگەر لەپێش 2007/3/5 داوای پەنابەریت کردووە،** ئەوا زۆر پێدەچێت کە داواکاریەکەت بەشێوەیەکی جیاواز کاری لەسەر بکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چارەسەر کردنی کەیسەکان (Case Resolution Directorate) لە UKBA.
زۆرێك لەو داوای پەنابەرییانەی کە لەپێش 2007/3/5 ئاراستە کراون وەکو کەیسی کۆنتر سەیر دەکرێن و داواکارییەکانی چارەسەرنەکراوی پەنابەریش دەگرێتەبەر. ئەگەر داواکارییەکەت لەم جۆرەیە ئەوا دەتوانیت زانیاری زیاتر وەربگریت سەبارەت بە شێوەی مامەڵە کردنی UKBA لەگەڵ ئەم جۆرە کەیسانە لە ڕێگەی خوێندنەوەی نامیلکەی ئایا پێش 2007/3/5 داوای پەنابەریت کردوە و هێشتا مافی مانەوە لە بریتانیات پێنەدراوە؟ لەسەر ماڵپەڕی http://languages.refugeecouncil.org.uk

## لە چاوپێکەوتنی سەرەتاییدا چی ڕوو دەدات؟

مەبەست لەم چاوپێکەوتنە ئەوەیە کە UKBA چەند پرسیارێك دەربارەی وردەکاری شەخسیت و هەروەها چۆنیەتی گەیشتنت بۆ بریتانیا لێدەپرسێت. ئەوان نابێت لەم چاوپێکەوتنەدا پرسیاری ورد سەبارەت بە هۆی داواکردنی پەنابەریت لێ بپرسن.

### وردەکاری شەخسی و بەڵگەنامە

لەمیانەی چاوپێکەوتنی سەرەتاییدا UKBA پەنجەمۆرت لێوەدەگرێت و وێنەت دەگرێت و وێنەکەت دەخرێتە سەر کارتی تۆمارکردن(Application Registration Card - ARC) . ئەم کارتە دەیسەلمێنێت کە داواکارێکی پەنابەریت و دەتوانی بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاری وەکو پشتگیری دارایی کەڵکی لێوەربگریت. هەر کەسێك کە لەگەڵت دەژیت، بۆ نمونە هاوسەر یان منداڵەکانت، پێویستە لەم چاوپێکەوتنەدا لەگەڵت بن بۆ ئەوەی وردەکارییەکانی ئەوانیش لە داواکارینامەکەدا بنووسرێن. لە هەندێك حاڵەتدا، UKBA ناتوانێت کارتی ARC ت پێ بدات. لەبری ئەم کارتە، ئاگادارینامەی ستاندارد (Standard Acknowledgment Letter – SAL) ت پێدەدرێت و تێیدا دەنووسرێت کە تۆ داواکارێکی پەنابەریت.

زوربەی داواکارانی پەنابەری نامەیەك بەناوی IS96 یان بەدەست دەگات. وەرگرتنی ئەم نامەیە بەو واتایەیە کەوا لەو ماوەیەدا کە دەسەڵاتدارانی حکومی سەبارەت بە داوای پەنابەریت بڕیار دەدەن بەشێوەیەکی کاتی لە بریتانیا وەرگیراویت و داوات لێدەکرێت لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی ڕێکوپێك خۆت بە ناوەندێکی خۆناساندن بناسێنێت. دەسەڵاتدارانی حکومی سەیر دەکەن بزانن ئایا هیچ بەڵگەنامەیەکی موعتەبەرت پێیە کە ناو و جنسیەتی لەسەر نووسرابێت کە بەم بەڵگەنامەیەوە هاتبیتە بریتانیا. ئەم بەڵگەنامەیە دەتوانێ پاسپۆرت یان بەڵگەنامەیەکی پێناسی تر بێت. ئەگەر بەڵگەنامەیەکی پێناسی موعتەبەرت پێ نەبێت، پێویستە ئەوەندەی دەتوانی هۆی ئەوەیان بۆ ڕوون بکەیەوە کە بۆچی بەڵگەنامەی داواکراوت پێ نیە.

### ئەو شوێنەی لێی هاتوویت

لە چاوپێکەوتنی سەرەتاییدا دەسەڵاتدارانی حکومی لەسەر ئەوە بڕیار دەدەن کەوا لەوانەیە وڵاتێکی تر، بێجگەلە بریتانیا، لە هەڵسەنگاندنی داوای پەنابەریت بەرپرس بێت. بۆ نمونە، ئەمە لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە بەناو وڵاتێکی تردا سەفەرت کردبێت کە UKBA پێی وایە دەتتوانی لەو وڵاتە داوای پەنابەری بکەیت.

### ئایا دەکرێت داوای پەنابەریت خێرا چارەسەر بکرێت؟

ئەگەر دەسەڵاتدارانی حکومی بڕیار بدەن کە دەتوانن داوای پەنابەریت بەشێوەیەکی خێرا چارەسەر بکەن، ئەوا بڕیارێکی خێرا سەبارەت بە داوای پەنابەریت دەدرێت. لەم حاڵەتەدا، دەسەڵاتدارانی حکومی لەوانەیە بتنێرن بۆ ناوەندی دەرکردنی هارمۆندسوۆرس (Harmondsworth Removal Centre) (ئەگەر پیاویت) یان بتنێرن بۆ ناوەندی دەرکردنی یارڵز وود (Yarls Wood Removal Centre) (ئەگەر ژنیت) هەتاکو کەیسی پەنابەریت بە یەکجاری بڕیاری لەسەر دەدرێت. ئەگەر

لە یەکێك لەم ناوەندانە دەست بەسەر کراویت ئەوا پێویستە نوێنەرێکی یاساییت بۆ دەستەبەر بکرێت، بەڵام داوای پەنابەریت زۆر خێرا بڕیاری لەسەر دەدرێت. هەر چەندە هەموو ئەو داواکارانی پەنابەرییەی کە کەیسەکان بەشێوەیەکی زۆر خێرا بڕیاریان لەسەر دەدرێت دەست بەسەر ناکرێن.

**ئایا بەزووترین کاتی گونجاو داوای پەنابەریت کردووە؟**
UKBA سەیری ئەوە دەکات کە ئایا دوابەدوای گەیشتنت بۆ بریتانیا و ئەوەندەی لە تواناتدا بووە یەکسەر داوای پەنابەریت کردوە یان نا. ئەگەر وەڵامەکەت "نا" یە، ئەوا لەوانەیە سەبارەت بە خەرجی کرێ خانوو و/یان خەرجی گوزەرانی ژیان هیچ یارمەتییەك لە حکومەت وەرنەگریت. بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بەوەی کە چۆن دەتوانی داوای پشتگیری پەنابەران بکەیت، بڕوانە نامیلکەی 'داواکردنی پشتگیری پەنابەران' لەسەر ماڵپەڕی http://languages.refugeecouncil.org.uk

## بێجگە لەوە، ئەمانەی خوارەوە لە چاوپێکەوتنی سەرەتایی ڕوو دەدەن:

- پێویستە ناو و ژمارە تەلەفۆنی کارمەندێکی UKBA ت پێ بدرێت کە بە خاوەنی کەیس ناسراوە ('case owner'). خاوەنی کەیس بەرپرسە لە چاوپێکەوتنت و سەبارەت بە داواکاریەکەت بڕیار دەدات. خاوەنی کەیس هەروەها پێداویستییەکانی خۆشگوزەرانی ژیانت چارەسەر دەکات و هەروەها یارمەتیت دەدات خۆت لەگەڵ ژیانی بەریتانی ڕێکبخەیت ئەگەر وەڵامێکی ئەرێییت سەبارەت بە داوای پەنابەریت وەرگرتبێت یان ئەگەر داوای پەنابەریت ڕەتکرابێتەوە و داوات لێبکرێت لەم وڵاتە دەربچیت. خاوەنی کەیس پێوەندیی سەرەکییە بۆ تۆ یان نوێنەری یاساییت.
- چەند جۆر ڕێگە بۆ وەرگرتنی نوێنەرایەتی یاسایی هەیە. لەوانەیە ناو و ژمارە تەلەفۆن و کاتێکی چاوپێکەوتنت پێ بدرێت بۆ ئەوەی چاوت بە نوێنەرێکی یاسایی بکەوێت یان لەوانەیە لیستی ناوی چەند نوێنەرێکی یاساییت پێبدرێت بۆ ئەوەی پێوەندیان پێوە بکەیت.
- پێویستە کۆپی دەقی چاوپێکەوتنی سەرەتاییت پێ بدرێت.
- دەسەڵاتدارانی حکومی پێویستە پێتبڵێن خۆت بە ناوەندی ناساندنی سەرەتایی ('induction') بناسێنیت بۆ وەرگرتنی ئەو زانیارییە گرنگانەی پێویستە سەبارەت بە پرۆسەی پەنابەری و ژیان لە بەریتانیا لێیان ئاگادار بیت.

دەسەڵاتدارانی حکومی پێویستە لەماوەی 15 ڕۆژدا سەبارەت بەو خزمەتگوزارییانە (بۆ نمونە، پشتگیری دارایی و شوێنی حەوانەوە) زانیاریت پێ بدەن کە لەوانەیە بشێیت وەریان بگریت. ئەوان هەروەها پێویستە سەبارەت بەو ڕێکخراوە ناحکومییانەش زانیاریت پێ بدەن کە دەتوانی بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و زانیاریی زیاتر پێوەندییان پێوە بکەیت بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاریی زیاتر دەربارەی چەند ڕێکخراوێکی تر کە ئامۆژگاری یاسایی دەستەبەر دەکەن.

## لە چاوپێکەوتنی پەنابەریدا چی ڕوو دەدات؟

دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی سەرەتایی، دەسەڵاتدارانی کۆچبەری داوات لێدەکەن لە چاوپێکەوتنێکی دوور و درێژتر ئامادە بیت بۆ ئەوەی سەبارەت بە هۆی داواکردنی پەنابەری چەند پرسیارێکت لێ بکەن. گرنگە کە پێش ئەوەی ئەم چاوپێکەتنە ساز بکرێت چاوت بە نوێنەرێکی یاسایی بکەوێت. پێویستە هەروەها داوای وەرگێڕێک بکەیت کە لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادەبێت ئەگەر پێویست بوو. ئەگەر پێتباش بوو کە لەلایەن وەرگێڕێکی نێرینە یان مێیینەوە (ژن یان پیاو) چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکرێت، دەتوانیت داوای ئەوەش بکەیت. لە چاوپێکەوتنەکەدا دەبێت ئەوەندەی دەتوانی و بۆت دەکرێ زانیاری هەرچی زیاتر و تێروتەسەلتر دەربارەی داواکاریی پەنابەریت ئاراستە بکەیت. دەبێت هەموو جۆرە بەڵگەنامەیەکی تریش پێشکەش بکەیت، بۆ وێنە بەڵگەنامەی پزیشکی یان ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری دەربارەی ئەو شتانەی لە وڵاتی تۆدا ڕوویان داوە. زۆر گرنگە ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی ئاراستەی دەسەڵاتدارانی کۆچبەریان دەکەیت بەپێچەوانەی یەکتر نەبن بەڵکو پاڵپشتی داواکارییەکەت بن. دەبێت زانیاری دەربارەی خزم و کەس و کارت لێرە لە بەریتانیا یان لە شوێنی دیکە بدەیت بەوان نەوەک ئەوە کاریگەری هەبێت لەسەر هەر داواکارییەک کە لە داهاتودا ئەوان یان تۆ پێشکەشی بکەیت.

نوێنەری یاساییت پێناچێت بتوانێ لە چاوپێکەوتنی پەنابەریتدا ئامادە بێت (بۆ وەرگرتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە یارمەتی یاسایی بڕوانە لاپەرە 5). ئەگەر هیچ نوێنەرێکی یاساییت لە چاوپێکەوتنەکەتدا ئامادە نەبێت، ئەوا دەتوانی داوا بکەیت چاوپێکەوتنەکەت تۆمار بکرێت. دەبێت لە ماوەی 24 کاتژمێر بەر لە چاوپێکەوتنەکە ئاگاداریان بکەیت ئەگەر بتەوێت چاوپێکەوتنەکەت تۆمار بکرێت. ئەگەر لەپاش چاوپێکەوتنەکە پێت وایە لەبیرت چوە زانیارییەکی پێوەندار ڕابگەیەنیت، ئەوا پێویستە بەزووترین کات نوێنەری یاساییت ئاگادار بکەیت. نوێنەری یاساییت تەنیا پێنج ڕۆژ مۆڵەتی هەیە ئەم زانیارییە زیادەیە ئاراستە بکات.

## گیران و خۆناساندن

دەسەڵاتدارانی کۆچبەری دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە هەندێك لە داواکارنی پەنابەری بگرن بەڵام پێویستە ئەوەت نیشان بدەن کە گرتنت کارێکی پێویستە. زۆر جار، دەسەڵاتدارانی کۆچبەری خەڵکانێك دەگرن کە پێیان وایە دەتوانن بەخێرایی سەبارەت بە داوای پەنابەریان بڕیار بدەن یاخود لەو بڕوایەدابن کەسەکە چیتر پێوەندیان پێوە ناکات. ئەگەر دەسەڵاتدارانی کۆچبەری بڕیار بدەن بتگرن، ئەوا پێویستە بە نووسراو لەهۆی گیرانت ئاگادارت بکەن. لەوانەیە بتوانیت لەدژی بڕیارەکەیان راوەستیت. بۆ دانوساندنی بەربوونت پێویستە ئامۆژگاری یاسایی وەربگریت. رێکخراوێك هەیە بەناوی کەفالەت بۆ پەناخوازانی دەستبەسەرکراو (Bail for Immigration Detainees- BID) یان تاقمی سەردانکەران کە سەردانی خەڵکانی دەستبەسەرکراو دەکات و دەتوانێ دەربارەی چۆنیەتی دانوساندن بۆ بەرەڵا کردنت زانیاریت پێ بدات. تکایە بڕوانە ماڵپەڕی BID: http://www.biduk.org یان بەم ژمارەیە 020 7247 3590 تەلەفۆنیان بۆ بکە.

داوا لە زوربەی ئەو داواکارانی پەنابەرییە دەکرێت کە دەستبەسەر نەکراون بەشێوەیەکی ڕێکوپێک خۆیان بە ناوەندێکی خۆناساندن بناسێنن. ئەگەر بەمەبەستی خۆناساندن پێویست بێت زیاتر لە سێ مایل سەفەر بکەیت ئەوا دەتوانی داوای یارمەتی سەبارەت بە خەرجی هاتوچۆت بکەیت.

## لەو ماوەیەدا کە چاوەڕوانی بڕیارم چی ڕوودەدات؟

پێویستە لە هەموو ئەو چاوپێکەوتنانە ئامادە بیت کە دەسەڵاتدارانی کۆچبەری داوات لێ دەکەن ئامادە بیت. هەروەها پێویستە لەو ماوەیەی کە بۆت دیاری کراوە هەموو فۆرمێك پڕبکەیەوە و بینێریتەوە. سەرپێچی کردن لەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی کۆچبەری داوای پەنابەریت رەتبکەنەوە چونکە داواکارییەکانت جێ بەجێ نەکردوون. گرنگە ئەگەر لەو ماوەیەدا ئادرەست گۆڕا دەسەڵاتدارانی کۆچبەری ئاگادار بکەیت. بۆخۆت دەتوانی ئەم کارە بکەیت یاخود دەتوانی لە نوێنەری یاساییت داوا بکەیت لەجیاتی تۆ ئەم کارەت بۆ ئەنجام بدات.

## چی ڕوودەدات ئەگەر داواکەم ڕەتکرایەوە؟

ژمارەیەکی زۆر لە داواکانی پەنابەری رەت دەکرێنەوە هەر چەندە هەندێك لەو داواکاریانە دواتر لە پێداچوونەوەدا سەرکەوتن بەدەست دێنن. ئەگەر دەسەڵاتدارانی کۆچبەری داواکاریی پەنابەریت رەت بکەنەوە، ئەوا دەتوانی لەدژی بریارەکەیان داوای پێداچوونەوە بکەیت، هەر چەندە ژمارەیەك لە داواکارانی پەنابەری تەنیا ئەو کاتە دەتوانن داوای پێداچوونەوە بکەن کە لە دەرەوەی بریتانیابن. ئەگەر هەر هۆیەکی ترت بەدەستەوە هەیە کە بۆچی پێویستە رێگەت پێبدرێت لەم وڵاتە بمێنیتەوە، بۆ نمونە، دەرکردنت لە بریتانیا دەبێتە هۆی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤیت، پێویستە ئەم هۆیانە لە پێداچوونەوەکەتدا بنووسیت. گرنگە دەست بەجێ پێوەندی بە نوێنەری یاسایی خۆتەوە بکەیت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات داوایەکی پێداچوونەوە ئاراستە بکەیت چونکە پێویستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەم کارە ئەنجام بدەیت.

ئەگەر پێداچوونەوەکەت رەتبکرێتەوە، UKBA داوات لێدەکات لەم وڵاتە دەربچیت. ئەگەر نەتەوێت بە ئارەزووی خۆت لەم وڵاتە دەربچیت ئەوا دەسەڵاتدارانی حکومی لەوانەیە بە زۆرەمێ دەرت بکەن.

## پێشکەشکردنی بەڵگەی زیاتر

ئەگەر پێداچونەوەکەت ڕەتکرایەوە، وە مافی پێداچونەوەی زیاترت نەبوو، پێدەچێت بڕیاری ئەوە بدەیت کە هۆکاری نوێ یان زیاتر بخەیتەڕوو کە بۆچی دەبێت تۆ ڕێگات پێبدرێت لە بەریتانیادا بمێنیتەوە. ئەمە پێیدەڵێن 'پێشکەشکردنی بەڵگەی زیاتر'. شتێکی گرنگە کە ڕێنمایی یاسایی لەوبارەیەوە وەربگریت. بەڵگەی زیاتر تەنها بەشێوەی شەخسی پێشکەش دەکرێت.

**ئەگەر یەکەمجار بەر لە 5ی ئازاری 2007 داوای پەنابەریت کردبێت** وە بتەوێت بەڵگەی زیاتر پێشکەش بکەیت دەتوانیت بەشێوەی شەخسی ئەوە بکەیت لە یەکەی پێشکەشکردنی بەڵگەی زیاتر لە لیڤەرپوڵ (Liverpool Further Submissions Unit - FSU). دەبێت دیدارێک سازبدەیت (مەوعید) بە تەلەفونکردن بۆ 0151 237 0980. ئەگەر بەبێ هەبوونی دیدار بچیت بۆ FSU ناتکەنە ژوورەوە. ئەگەر پێویستیت بە وەرگێڕ دەبێت پێویستە کاتێک کە دیدارەکە ساز دەدەیت ئەوەیان پێبڵێیت.

**ئەگەر لە 5ی ئازاری 2007 یان دواتر داوای پەنابەریت کردبێت** ئەوا پێویستە لەسەرت لەکاتی چوون بۆ ئیمزاکردنێکی ئاساییدا لە ناوچەکەی خۆت بەڵگەی زیاتر پێشکەش بکەیت.

هەندێک داواکارانی پەنابەری کە مەرجە لاوەکییەکان دەیانگرێتەوە دەتوانن بە پۆستدا بەڵگەی زیاتر بنێرن لەباتی ئەوەی بەشێوەی شەخسی بچن. پەیوەندی بە دەزگایەکی پەنابەرییەوە بکە لە نزیکی خۆت بۆ ئەوەی بزانیت ئایا تۆ لەو جۆرەیت یان نا.

## ڕەوتی پەنابەری

ئەم نەخشەیەی خوارەوە قۆناغە گشتییەکانی پرۆسەی داواکردنی پەنابەریت پیشان دەدات. لەوانەیە ئەو قۆناغەی پێیدا تێپەڕ بوویت لەگەڵ ئەمەی خوارەوە جیاواز بێت، تکایە بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە کەیسەکەت پرس بە فەرمانبەرێکی ئامۆژگاری یان نوێنەرێکی یاسایی بکە.




### ئامۆژگاریی یاسایی

دەتوانی لە نوێنەرێکی یاسایی ئامۆژگاری یاسایی وەربگریت. نوێنەرانی یاسایی بەخۆیان دەڵێن پارێزەر، یاساناس یان ڕاوێژکاری یاسایی. ئەگەر پارەت بە ئاستی پێویست نەبێت، ئەوا لەسەرت نابێت خەرجی ئامۆژگاریی یاسایی بدەیت. نوێنەری یاساییت دەتوانێ داوا لە حکومەت بکات پارەی خەرجەکانی پێ بداتەوە. ئەمە ناوی لێنراوە یارمەتی یاسایی (legal aid). ئەگەر پێویستیت بە وەرگێڕ هەبێت ئەوا پێویستە نوێنەری یاساییت وەرگێڕێکت بۆ دەستەبەر بکات.

ئەگەر داوای پەنابەریت ڕەت کرابێتەوە و دەتەوێت داوای پێداچوونەوە بکەیت، ئەگەر نوێنەرێکی یاسایی بەتەواوی لێی ڕوون نەبێت کە لە کەیسی پێداچوونەوەکەتدا سەردەکەویت دەتوانێ کەیسەکەت وەرنەگرێت. ئەگەر ئەم حاڵەتە ڕوو بدات و تۆش هەست بکەیت کە کەیسێکی پتەو و بەهێزت هەیە، ئەوا دەتوانی لە ڕێگای پێداچوونەوە لە کۆمسیۆنی خزمەتگوزارییە یاساییەکان (Legal Services Commission) وە داوای پێداچوونەوە لەدژی بڕیاری پارێزەرەکەت بکەیت. پارێزەرەکەت پێویستە فۆرمی پێداچوونەوەت پێبدات و هەروەها زانیاری سەبارەت بە چۆنیەتی ئاراستەکردنی

فۆڕمی ناوبراوت پێ بدات. ئەگەر لە سکۆتلەندا دەژیت، چەندین ڕێگەی یاسایی جۆراوجۆر هەن. ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەندا (Scottish Refugee Council) لەوانەیە بتوانێ لەم بارەیەوە ئامۆژگاریت بکات.

لە هەندێك شوێنی بریتانیادا ژمارەیەکی کەم لە نوێنەرانی یاسایی کاروباری پەنابەری ئەنجام دەدەن. ئەمەش بەو واتایەیە کە لەوانەیە ناچار بیت بۆ شوێنێکی تر سەفەر بکەیت بۆ ئەوەی چاوت بە پارێزەرێك بکەوێت. ئەگەر پشتگیری پەنابەران وەردەگریت، ئەوا پارێزەرەکەت دەتوانێ خەرجی هاتوچۆ و سەفەر بداتەوە بۆ ئەو چاوپێکەوتنە بەڵام تەنیا لە حاڵەتێکدا کە هیچ پارێزەرێکی تر لە ناوچەی نزیك بە ژیانت نەبێت کە بتوانێ نوێنەرایەتیت بکات.

ئەگەر لەو شوێنە نەماویت کە سەرەتا لەوێ داوای پەنابەریت کردوە، ئەوا لەوانەیە بتەوێت نوێنەرێکی یاسایی بدۆزیتەوە کە نزیك بە شوێنی ژیانت بێت چونکە هاتوچۆ کردن بۆ ئامادەبوون لە چاوپێکەوتنەکان پێدەچێت کارێکی سەخت بێت.

گرنگە کە ئامۆژگارییەکی یاسایی جۆری باش وەربگریت. پێویستە نوێنەری یاساییت سەر بە ڕێکخراوێك بێت کە گرێبەستی لەگەڵ کۆمسیۆنی خزمەتگوزارییە یاساییەکان (LSC) لە یاسای کۆچبەری مۆر کردبێت یاخود ڕاوێژکارێکی مۆڵەتپێدراو لەلایەن نووسینگەی کۆمسیۆنی خزمەتگوزارییەکانی کۆچبەری ( Office of the Immigration Services Commissioner- OISC) بێت.

**ئەم ڕێکخراوانە پێویستە یەکێك یان هەر دوو هێمای خوارەوەیان هەبێت:**

هەروەها بۆ وەرگرتنی لیستی ناوی ئەو ڕێکخراوە مۆڵەتپێدراوانەی کە سەبارەت بە یاسای پەنابەری ئامۆژگاری دەستەبەر دەکەن دەتوانی پەیوەندی بە OISC وە بکەیت. تەلەفۆن: 0845 000 0046 یان بڕوانە ماڵپەڕی http://www.oisc.gov.uk

**ئامۆژگاریی یاسایی لە ئینگلتەرا و وێلز**

ئامۆژگاری یاسایی کۆمەڵایەتی (Community Legal Advice) لیستی ناوی نوێنەرانی یاسایی لە ئینگلتەرا و وێلز بڵاو دەکاتەوە. تەلەفۆن: 0845 345 4345 یان بڕوانە ماڵپەڕی http://www.communitylegaladvice.org.uk

**ئامۆژگاریی یاسایی لە سکۆتلەندا**

کۆمەڵەی یاسایی سکۆتلەندا (Law Society of Scotland) لیستی ناوی نوێنەرانی یاسایی لە سکۆتلەندا بڵاو دەکاتەوە. تەلەفۆن:0131 226 7411 یان بڕوانە ماڵپەڕی http://www.lawscot.org.uk

**ئامۆژگاریی یاسایی لە ئیرلەندای باکوور**

کۆمیسیۆنی خزمەتگوزارییە یاساییەکانی ئیرلەندای باکوور (Northern Ireland Legal Services Commission) لیستی ناوی نوێنەرانی یاسایی لە ئیرلەندای باکوور بڵاو دەکاتەوە. بڕوانە ماڵپەڕی http://www.nilsc.org.uk

**ڕێگاکانی تر بۆ دەستخستنی نوێنەری یاسایی**

**یارمەتیی یاسایی** (Asylum Aid) - http://www.asylumaid.org.uk
هێڵی ئامۆژگاری: 020 7354 9264 دووشەمە: 2 – 4.30 ی دوای نیوەڕۆ، پێنج شەممە: 10 ی بەیانی – 12.30 ی دوای نیوەڕۆ

**خزمەتگوزاریی ڕاوێژکاری سەبارەت بە کۆچبەری** (Immigration Advisory Service)
http://www.iasuk.org

**کۆمەڵەی کارگێرانی یاسایی کۆچبەری**
(Immigration Law Practitioners Association) - http://www.ilpa.org.uk

**فدراسیۆنی سەنتەرە یاساییەکان** (Law Centres Federation)
http://www.lawcentres.org.uk

**دادوەری بۆ پەنابەران و کۆچبەران** (Refugee and Migrant Justice)
http://www.refugee-legal-centre.org.uk

**ئایا نوێنەری یاسایی خۆت بەدڵ نییە؟**
ئەگەر نوێنەری یاسایی خۆت بەدڵ نییە و پێت وایە بەشێوەیەکی خراپ نوێنەرایەتی کردوویت، دەتوانی گازندەیەك ئاراستەی کۆمسیۆنی خزمەتگوزارییەکانی کۆچبەری بکەیت. تەلەفۆن بکە بۆ 0845 000 0046 یان بڕوانە ماڵپەڕی www.oisc.gov.uk

***زانیارییەکانی ئەم نامیلکەیە تەنیا وەکو رێبەرێك وان و شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی یاسا نین. تکایە بۆ ئامۆژگاری وردتر ئامۆژگاریی یاسایی وەربگرە.***

Asylum Support Partnership consists of:
North of England Refugee Service, charity number: 1091200 www.refugee.org.uk
Refugee Action, charity number: 283660 www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1102449 www.welshrefugeecouncil.org